

# کورد لە دوای 5/12

**کەنعان بەهادین**

کورد لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی پارەوە کەوتووەتە نێو دۆخێکی تازەی سیاسی و ئابوورییەوە، بە هۆی ئەوەی نەمابوو قەوارەی هەرێمی کوردستان لەناوبچێت و پرسی کوردیش لەناوچەکەدا کۆتایی پێ بهێنرێت. بەڵام خۆڕاگری کورد، وای کرد چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدراڵ بمێنێتەوە، ئەگەرچی بەشێک لە خاکەکانی لەدەستدا، بەڵام مانەوەیەی ئەو قوارە یاساییە فیدراڵییە گرنگ و کاریگەر بوو، بۆ پارێزگاریکردن لە کولتوور و سیاسەت و ئابووری و داهاتووی کورد لەناوچەکەدا.

بۆیە کورد لە دوای هەڵبژاردنەکانی 5/12 دەکەوێتە نێو ئەرکێکی قورسەوە، کە دەکرێت ئەو شێوازە ناکۆکی و دووبەرکییە زوو کۆتایی پێبهێنرێت و کورد و حزبەکان بگەڕێنەوە سەر رێککەوتنە ستراتیژییەکان، چونکە عەرەبی سوننە و شیعەی عێراقی، بە گشت پێکهاتە و تایەفە و حزبییەوە لە ئێستادا کەوتوونەتە خۆ رێکخستنەوە، بۆ بەستنی کۆمەڵێک هاوپەیمانی گەورە کە رەنگە بەو وەزعە ناکۆکەی کورد، ئەمشێوە رێککەوتنانە دژ بە بەرژەوەندییە باڵا و ئەمنی و ئابوورییەکانی نەتەوەی ئێمە بشکێتەوە، هاوشێوەی سوننەکان کە لە ساڵی 2012 بەسەریاندا هات و لە پرۆسەی سیاسەتکردن لە عێراقدا دەرکران.

من وای بۆ دەچم، رەنگە شیعە بە هەموو لیست و حزبەکانەوە، ئەمجارە لەسەر ئەوە کۆک بن بە هەموو شێوەیەک حزبە گەورە و کاریگەرەکانی کورد دووربخەنەوە و کەسانی لاواز و گوێڕایەڵی خۆیان کە لە ئێستاوە دروستکراون، بهێنرێنە پێشەوە و رێککەوتنیان لەگەڵدا بکەن، دووبارە دژی قەوارەی هەرێم بەکاریان بهێننەوە. لە حاڵی ئێستادا دەبێ نەتەوەی کورد، ئەو سەنگەی خۆی لە بەغدا بپارێزێت و بەکاریگەرییەوە بچێتە بەغدا، بۆ زیاتر درێژەدان بە گفتوگۆ درێژخایەنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا و گەیشتن بەو ئامانجانەی کە کورد هەیەتی .بەغدای دوای 16ی ئۆکتۆبەر، جیاوازترە لەگەڵ پێش داگیرکردنی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی خاکی کوردستان، ئەمجارە شەڕی کورد لەگەڵ بەغدا قورستر دەبێت کە تەنها مووچە نییە، چارەنووسی 200 هەزار کەرکووکی و دووزییە، کە لە ترسی هاتنی حەشدی شەعبی رایانکردووە و بێ ماڵ و بێ جێگەن، هەروەها دووبارە گفتوگۆکردن لەسەر پرسی کەرکووک و مەخموور و شنگال و ناوچەکانی دیکە و گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و سازشنەکردن لەسەر ئەو مادده دەستوورییانەی کە ئەمانە یەکلایی دەکاتەوە. بەغدا بە هەموو هێزێکەوە دەیەوێت کورد لە بەغدا دووربخاتەوە و بە پرسی مووچە هەموو مادده دەستوورییەکان بێ رەنگ بکات و هەوڵیش دەدات فۆکەس بخاتە سەر قووت و مووچە، کە راستە پرسێکی گرنگە، بەڵام ناشکرێت کورد هەموو کارێکی تەنیا بۆ مووچە و بودجە بێت.

# گشتپرسیخوازان سەرکەوتن



**کیفاح مەحمود کەریم**

زۆرێک لە دروستکەرانی قەیران و کێشە لەگەڵ هەرێم جا چ لە نێو بەغدا یا لە نێو ئەو پایتەختانەدا بن، کە هەر لە ئەزەلەوە لەگەڵ هەر لایەنی لە رووی رەگەز و کولتوور لەوان جیاوازن، بەردەوام ناکۆکن، گرەویان دەکرد و پێشبینیان وابوو، ئاکامی ئەو پرۆسە گشتپرسییەی لە مانگی ئەیلولی 2017 ئەنجامدرا بە زیان و خواست و خەونی زۆرینەی کوردستانییان تەواو دەبێت، لە ئایندە ئەوانەی خاوەنێتیشیان دەکرد لە خولگەی سەرکردایەتیکردنی هەر پرۆژەیەکی دیکەی سەردەمیانە و شارستانییانەی کوردستانی و عێراقی دوور دەخرێنەوە.

رەنگە لە جێی خۆیدا بێت گرتنەبەری ئەو هەموو رێکار و کاردانەوە ستەمکارییانە بیر خۆمان بێنینەوە کە تیایدا بەڕێز سەرۆک بارزانی هێما و سەرپەرشتیار و داینەمۆی پرۆژەی گشتپرسی کوردستانییان، بەمەبەستی دوورخستنەوەی لە سەرکرایەتیکردنی مێژوویی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی، کردە ئامانجی سەرەکیی سەرەڕمەکانیان، هەروەک چۆن لەرابردوودا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەمان سیناریۆیان لە دژی سەرکردە، مەلا مستەفا بارزانی باوکی پەیڕەو دەکرد، بەڵام دوای شکستهێنانی هەوڵەکانیان لە سەرکوتکردنی شۆڕش، ناچار دەبوون بە زەلیلی و تێکشکاوی دەهاتنەوە لای، دانوستانیان لەگەڵ ئەنجامدەدا!. ئەمڕۆش هەموو ئەوانەی دەیانەوێت کێشەی کورد بەشێوازێکی سەردەمیانە چارەسەر بکەن، لەوە گەیشتوون تاکە رێگای بەردەمیان تەنیا بارزانی و حزبەکەیەتی، کە بە هۆی رۆڵ و سەرکردایەتیکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان و عێراقدا، لە هەڵبژاردنەکانی گشتی عێراقدا لە هەرێمی کوردستان پلەی یەکەمی بەدەستهێنا هەر لە پێشەنگ مایەوە.

سەددام حوسێنی سەرۆکی پێشووی عێراق لە سەروبەندی دانوستانی ئاشتی لە کۆتایی ساڵی 1969 لەگەڵ رابەری شۆڕشی کورد مەلا مستەفای بارزانی درکی بەو راستییە کردبوو، بۆیە گوتوویەتی: لە بارەی ماف و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە بارزانی و پارتی بەولاوە، دانوستان لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێکی دیکە سوودی نابێت.

داگیرکارانی کەرکووک و پیاوانیان ئەوانەی بە دوای برێک نەوت و دۆلارەوەن، لە نێو هەرێم، هەوڵیاندا خاوەنەکانی گشتپرسی و رۆڵە مێژووییەکەی سەرۆک بارزانی لە گۆڕەپانی سیاسی ئێستا و ئایندەدا دووربخەنەوە. بەڵام لە ناکاو رەشەبای هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەموو خەون و پێشبینییەکانیانی لە گۆڕنا و پەردەی لەسەر پیلانگێڕییەکانیان راماڵی کە مەبەستیان بوو خاوەنەکانی گشتپرسی لە نێوجەرگەی ماڵی خۆیاندا تێکبشکێنن، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکان سەلماندی کە تەنیا خاوەنەکانی گشتپرسین بەردی بناخەی بونیادنانی قەوارەی هەرێمن، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەر رێگای بارزانی تاکە رێگایە بۆ گەیشتن بە سەقامگیری و ئاسایش، نەک هەر لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە تەواوی عێراقدا. بەڕاستی هەڵێکی زێڕین کەوتووەتە بەردەم سەرکەوتووانی ئەم هەڵبژاردنە، ئەوانەی کورسیی حوکمڕانی بەغدایان دەکەوێتە دەست، کە رەنگە دوا هەڵی بەردەمیان بێت، بۆ ئەوەی لە دەرگای سەرۆک بارزانییەوە بپەڕنەوە، ئەو سەرۆکەی، کەمتیارانی سیاسی ناوخۆ و هەرێمیی ناپاکیان لەگەڵدا کرد و هەوڵیاندا سزای ملیۆنەها هاووڵاتیش بە هۆی بەشداریکردنیان لە گشتپرسی بدەن، بەڵام سەرەڕای سەختی بژێویان و هەڕەشەکانی دەسەڵاتدارانی بەغدا، پشتی بارزانییان بەرنەدا، هەر هەموویان پێکەوە گوتیان ئێمە تا ئەو ساتە لەگەڵ بەغدایان ئەگەر وەک هاووڵاتی پلەیەک و بەشداری راستەقینە لە دەوڵەت مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت، ئەگەر نا کارتی سوری گشتپرسیی هێشتا لە گیرفانی ناوبژیوانەکەیە!

**و:خالید گەردی**



## نەتەوە یەکگرتووەکان:

# پێویستە حکوومەتی بنکەفراوان لە عێراق پێکبهێندرێت

نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کرد، کێشەکانی هەڵبژاردن لە عێراق لە رێگەی یاساوە چارەسەر بکرێن و جەختیشی کردەوە، پێویستە حکوومەتێکی بنکە فراوان لە عێراقدا پێکبهێندرێت، کە نوێنەرایەتی تەواوی پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بکات. بەگوێرەی کوردستان 24 گوتەبێژی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق رایگەیاندووە: هەڵبژاردن دەرفەتێکی دیکەیە بۆ ئەوەی دیموکراتییەتێکی بەهێزتر لە عێراقدا بێتە ئاراوە. هەر بەگوێرەی بەیاننامەکە، ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستخۆشی لە گەلی عێراق دەکات، کە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد و پرۆسەکە بە سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو، بەتایبەت ئاوارەکانی ناوخۆ، کە وێڕای دۆخی نائاسایی ژیانیان لە کەمپەکان، بەشێکیان بەشدارییان لەو پرۆسەیەدا کردووە، داواشی لە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا کردووە، پشتگیری لە ئاشتیی بکەن و چارەسەری ئەو گرفتانەش بکەن کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هاتوونەتە ئاراوە. ئەم بەیاننامەیەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەکاتێکدایە کە بەشێک لە بەرپرسانی شیعە، بەتایبەت دەوڵەتی یاسا هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئەوە خستووەتەگەڕ، بۆ کابینەی داهاتووی عێراق، حکوومەتی زۆرینە بکەن بە جێگرەی حکوومەتی بنکەفراوان.

## یونادم یوسف کەننا:

# حەشدی شەعبی 3 کورسیی کریستیانانی دزیوە

سەرکردەیەکی کریستیانەکانی عێراق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە لایەن حەشدی شەعبییەوە کورسییەکانی کۆتا کە بۆ کریستیانەکان تەرخانکرابوون، دزراون و دەڵێ: چەند فەوجێکی کریستیان لە باشووری عێراقەوە دەنگیان بۆ کورسیی کریستیانەکان هەژمار کراوە و دوو تا سێ کورسیمان لێ دزاوە.

یونادم یووسف کەننا، سەرۆکی هاوپەیمانی رافیدەینی کریستیانەکان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی راگەیاندووە: بەداخەوە لە پارێزگاکانی باشووری عێراق، کورسییەکانی کۆتا کە بۆ کریستیانەکان تەرخانکرابوون، لە لایەن هێزێکی سەر بە حەشدی شەعبییەوە دزراون، لە هەر پارێزگایەک زیاتر لە هەزار دەنگی موسڵمان بۆ کورسیی کۆتای کرستیانەکان چووە، ئەمەیش ستەمێکی دیکەیە لە پێکهاتەی کریستیان دەکرێت، چونکە بەپێی یاسا پێنج کورسیی کۆتا بۆ کریستیانەکان دیاری کراون، کەچی حەشدی شەعبی هێزێکی پێکهێناوە بۆ دزینی ئەو کورسیانە، پێویست بوو خەڵکی کریستیان خۆیان نوێنەر هەڵبژێرن، کەچی دەنگی چەند فەوجێکی حەشدی شەعبی بۆ کورسیی کۆتا چووە. هەروەها سەرۆکی هاوپەیمانیی رافیدەین ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: لە کۆی پێنج کورسیی کۆتای کریستیانەکان، ئێمە دوو کورسیمان بردووە و سێ کورسیی دیکەیش لە لایەن هێزەکانی دیکەوە بردراون، لیستی بابیلۆنی سەر بە حەشدی شەعبی لە تلکێف و دەشتی نەینەوایە، کەچی دەنگی چەکدارانی حەشد لە باشوور بۆیان هەژمار کراوە.

کەننا، روونیشیکردەوە: ئەو ئامێرانەی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا بەکارهاتوون، یان شکستیان هێناوە، یانیش دەستکاری کراون لە عێراق، چونکە لە هەموو جیهان بە چەند خولەکێک ئەنجامەکان دەدرێنەوە، کەچی ئەمە چەند رۆژێکە ئامێرەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق وەڵامیان نەبووە بۆ ئەنجامی کۆتایی، لە رێگەی ئامێری دەنگدانیشەوە ساختەکاریی زۆر کراوە.